# ئازادیی رۆژنامەنووسیی‌و ڤیزەی دێگەڵە

حەسەن یاسین. کوردستان. سلێمانی
2002/7/ 22

* ماوەی چەند ساڵێك دەبێ، دوای ئەوەی رۆژنامەنووسیی کوردی هەنگاوی باشی بەرەو پێش ناوەو دەکرێ بە تەکانێکی بەرچاوی رووەو پێشکەوتنی بژمێرین، ئێستا هەموو لایەك باس لە ئازادیی رادەربڕین و ئازادیی بڵاوکردنەوەو رۆژنامەنووسی دەکەن و، تەنانەت وای لێهاتووە تۆ نازانی کێیە ئازادی رۆژنامەنووسی پێشێل دەکات و کێیە هەوڵ و تەقەلای بۆ دەدات و کێشە بانگەشەی بۆ دەکات، ئەم هاوێرکردنە بۆتە کارێکی سەخت، لەبەر ئەوەی (ئازادی) بۆتە وێردی سەر زمان و بن زمانی هەمووان.

* ماوەیەك پێش ئێستا ئاسایشی پارتی لە هەولێر فرۆشتنی چەند رۆژنامەیەکی لە هەولێر قەدەغەکرد، لەوانە (هەواڵ، تایم، رای گشتی)، کە ئەمە ئەگەرچی هەنگاوێکی چاوەڕوان کراوە لەم وەزعی دوولەتییەی حکومەتی کوردی، بەڵام لە هەمان کاتیشدا کارێکی خراپەو دەکرێ قسەی لەسەر بکرێ‌و ئەوانەی بە تەنگ ئازادی‌و ئازادیی رۆژنامەنووسییەوەن، ئەمە هەروا بە ئاسانی بەسەریاندا تێپەڕ نەبێ، چونکە قەدەغەکردنی رۆژنامە، ئەوە نیە تۆ هەر رێگە لە بڵاوبوونەوەی ئەو رۆژنامە دەگری، بەڵکو پەرە بە کولتوری قەدەغەکردن و پێشێلکردنی ئازادی دەدوێ، کە ئێستاو دوارۆژی نزیکی کۆمەڵی کورد زۆر پێویستی بە ئازادی‌و چەسپاندنی کولتوری بەیەکتر قبوڵ کردن و پێك سەلماندن و گفتوگۆی سەر رۆژنامەو گۆڤارەکان هەیە، نەك قەدەغەکردن و رێگە لێگرتنیان. چونکە دەبێ ئەوە بزانین و ساڵانی رابردووی مێژووشی شایەتیمان بۆ دەدەین، کە هەر دەسەڵاتێك سنگی فراوان بێت و بەرامبەرەکەی قبوڵ بکات و چکڵدانە لە بەرامبەر رەخنەدا تەنگ نەبێ، ئەوا ئەم سنگ فراوانیە بە قازانجی ئەو دەسەڵاتە خۆی دەشکێتەوەو، لە هەمان کاتیشدا ئەو دەسەڵاتەی کە دەست بۆ (چەکی قەدەغەکردن و رێ‌لێگرتن) ببات، ئەوا بیەوێ یان نا (ئازادی) ئازادی رۆژنامەنووسی ئەو پێویستیە زیندەگیەی هەر کۆمەڵێکە لە ژیانی هاوچاخی گەلاندا کە حەتمەن جێگە بە کولتوری (قەدەغەکردن) لێژ دەکات و دواجار خۆی دەسەپێنێ.

* لەوەتەی باری (نەشەڕو نە ئاشتی) لەنێوان یەکێتی‌و پارتی‌دا بۆتە ئەمری واقیع و ئاشتییەکە هەر بواری تەنسقیکردنی هەردوولا لەسەر بڕیاری (986)ی گرتۆتەوە، ئەم بارەی ئێستا بۆتە واقیعێك و هەموو لایەك قبوڵیانە، ئەمەش وای کردووە کە دانیشتوانی هەردوولا، ئەوانەی کە ناتوانن لەنێوان هەردوو حکومەتدا بەئاسایی هاتوچۆ بکەن، لەرێگەی ڤیزەو (عیلاقات)ی هەردوولاوە رێگەی هاتوچۆی چەند رۆژێکیان پێ بدرێ، کە ئەمە، بەداخەوە، رۆژنامەنووسانیشی گرتۆتەوەو ئەوانیشی و جێ ناوی خۆیان بنووسن و بروسکەیان بۆ بکرێ‌و چاوەڕێی وەڵام بکەن و کە وەڵام و ژمارەی بروسکەشیان وەرگرت و سەفەریان کرد لە یەکەمین (سەیتەرە)ی لایەنی بەرامبەر خۆیان (تەسلیم) بکەن و (بۆ سەلامەتیی خۆیان) ناویان بنووسن.

ئەمر بە ڤیزەی هاتوچۆکردنەی رۆژنامەنووسان ماوەیەکە درێژەی هەیەو بەندە، دوای زیاتر لە (5)ساڵ دابڕان لە هەولێرو ژیانم لە سلێمانی، دوو جار بە ڤیزە چوومەتەوە هەولێرو جارێکیش، دوای ئەوەی وەڵامی بروسکەکەم هێشتا نەگەیشبوو (پێم لە جەرگی خۆم نا)و بەبێ ڤیزە ملی رێی هەولێرم گرتە بەرو دوای دوو رۆژ (بەسەلامەتی) هاتمەوە.

* ئەوەی لێرەدا مەبەستمە سەبارەت بەو ڤیزەیەو شێوەی هاتوچۆکردنە باسی بکەم ئەوەیە کە روو لە هەریەك لە (کتێبی رۆژنامەنووسانی کوردستان)و (سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان)و پێیان بڵێم: بۆچی مشورێکی



www.kurdistannet.org

(ڕەتکردنەوە)ی ئەمری ئەم ڤیزەیە بۆ ڕۆژنامەنووسان ناخۆن و کارێکی وا ناکەن کە دەسەڵاتی هەردوولا ڕۆژنامەنووسان ئازاد بکەن لە هاتوچۆکردن، چونکە ئەم ئازادکردنە، کارێکە ئەمڕۆ بێ یان سبەی هەر دەبێتە ئەمری واقیع و شنەبای ئاشتی، ئەگەر هەموو لایەك بە دەنگیەوە نەچن، دەبێتە ڕەشەباو هەرکەس و لایەنێك دژی بێت، رای دەماڵێ.

سەرنج: ئەم بابەتە لە ژمارە (22)ی رۆژی 2002/7/22ی ڕۆژنامەی (بەدرخان) لە ناوخۆی کوردستان بڵاوکراوەتەوە.

www.kurdistannet.org